# ڕاگەیاندنی کۆمەڵێک لە ژنانی کوردی دانیشتووی بریتانیا

پەیوەست بە پیشتیوانی لە ئازادی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان لە ئێران

ئێمە، ژنانی ئازادیخوازی کورد، هاوکات لە گەڵ هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی ژنان و خەباتکاران و تیکۆشەرانی مەدەنی لە ئێران، خوازیاری ئازادی دەسبەجێی هەموو تیکۆشەرانی بزوتنەوەی ژنانین و لە بەرانبەر تیکۆشانی بێوچانیان لە رێگای هینانەدی و سەرکەوتنی ئەم خەباتە ئینسانی و گرنگەدا، سەری رێز و نەوازش دادەنەوینین. ئێمە یەک دەنگ لە گەڵ هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئیران بانگی ئازادی هەموو زیندانییە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئیران بەرز دەکەینەوە، بە تایبەتی ژنانی سیاسی بەند کراو.

ژنی کورد بە درێژایی خەباتی پڕ لە ئەزموونی خۆی بە راشکاوی سەلماندویەتی کە بەردەوام پیشتیوان و خوازیاری ئازادی و دیموکراسی بووە. ژنی کورد سەدان ساڵە هاوکات لە گەڵ ژیان لە ژیر سەیتەرەی قورسی فەرهەنگی پیاوسالاری، داب و نەریتی کۆنەپەرەستانە و لە گەڵ زەخت و زۆری نەتەوەیی، رەگەزپەرەستی، کولتوری، ئابوری ۆ کۆمەلایەتییدا دەست و پەنجە نەرم دەکات، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە.

جێگای سەرنج و پێزانینە کە ژنی کوردی رۆژهەڵاتی، هەر لە سەرەتای دەسەڵاتی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە دەستی داوەتە خەبات لە دژی ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرەستانە و فەرهەنگ و سیاسەتی فاشیستی ئەم دەسەلاتە و لەم رێگایەدا باجی گەورەی داوە. ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە ماوەی(30) ساڵی رابردوودا هەم وەکو ژن و هەم وەکو هاوڵاتی کورد کەوتوەتە بەر شالاوی بێبەزەییانەی جۆراجۆرەوە، باوک و برا و مێرد و کوڕی خۆی لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەو لە ساتە لە بیر نەکراوەکانی ئیعدام و لە سیدارەداندا بینیوەتەوە و لە هەمانکاتدا خۆیشی بەند کراوە و ئەشکەنجە دراوە و لە سێدارە دراوە، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە.

ئیمە ژنانی کوردستان سەردەمانێکی دوورو درێژە کە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی ژن و پیاومان کردووەتە سەرلەوحەی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەمان. (30) ساڵە کە لە لایەکەوە تیدەکۆشین بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی کۆمەڵایەتی و دەسکەوتە شارستانیەکان و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی بەدەستهێنان و پاراستنی مافە رەواو یاسایەکانمان دەدەین. گۆمان لەوەدا نیە کە چیرۆک و بەسەرهاتی پر ئەزموون و نەهامەتیەکانی ژنانی کورد فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بزووتنەوەی فیمینیستی پڕ مایەتر دەکەن.

ئێمە، ئەمڕۆ بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی پڕبایەخی رابردوومان و بە شانازیەوە بەردەوامین لە خەبات بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە نادادپەروەریەک دژ بە ژنان، لەم هەلوومەرجە یەکجار دژوارەی ئەمڕۆی ئێراندا کە پڕپڕە لە ئازار و ئەشکەنجە. خۆمان بە پاڵپشت و لایەنگری ئێوەی ژنانی ئازادیخواز و لێهاتووی ئیران دەزانین. هیوامان وایە کە ئیمە ژنان هەموو پیکەوە شان بە شانی یەک، هێز و تواناکانمان یەک بخەین بۆ نەهیشتنی رەگەزپەرەستی و بۆ چەسپاندنی مافی ئینسانی و بۆ دامەزراندنی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەلایەتی و گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی شارستانی.

پیشکەوتووخوازانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ژنانی کورد هاودەنگ لە گەڵ هەموو ژنانی تری کورد لە دەرەوە و ناوخۆی ئیران، بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و فەرهەنگی، بانگەواز دەکەین تا رێگای ئازادی و یەکسانی، پیوەندیەکانمان قایمتر و نزیکتر بکەینەوە، بۆ بەرزتر و بە هیزتر کردنی ئەو دەنگە و بۆ پتەوترکردنی ئیرادەی پولایینمان دەنگمان بخینە پاڵ یەک. تەنیا بەم چەشنە دەتوانین گەرەنتی گەیشتن بە داهاتوویەکی روون و ئازاد بە خۆمان و ئەوانەی پاش ئیمە دێن بدەین. ئیمە پیشتیوانی خۆمان لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی ژنانی ناو ئێران و بۆ ئازادی سەرجەم زیندانییە سیاسیەکان بە تایبەت ژنانی تیکوشەر دەردەبڕین.

ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین کە دەنگی کپکراوی ژنانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کۆر و کۆمەڵانی ئێونەتەوەیی بگەینین، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر سەرنجی دنیا رابکیشین بۆ ئەو سەرکوتە بێڕەحمانە ی ئەمڕۆ لە ئیران روو دەدات، تاکو بتوانین بەو سەرنجڕاکێشانە ئەو سەرکوتکردنە کەمبکەینەوە و نەیهێڵیین.

جێگای خۆیەتی ئیمەی ژنان ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە یەک دەنگ و یەک رەنگ بەبێ بەسترانەوەی خۆمان بە بەرژەوەندییە حزبیەکانەوە لە دایرەی داخراوی ئایدیۆلۆژی بچینە دەر و تەنیا بیر لە بەرژەوەندی گشت ژنان لە ناو ئیران بکەینەوە. پێویستە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی سیکولاری و ئازادیخوازی ژنانی ئێران

به پاڵپشتی یەکتر تاکتیک و دارشتنەکانمان بخینە کار بۆ راوەستاندنی یەکجاریی سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە و بۆ گەیشتن بە داخوازیەکانی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی.

'ریکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مروڤ' بنکەی(لەندەن، بریتانیا) ، بە نوینەرایەتی هەموو بنکەکانی تری ئەم ریکخراوە لە ولاتانی سوید، نرویج، باشوری کۆردستان وئالمان ، وەکو یەکەم هەنگاو و بۆ رەچاوکردنی پیشنیاز و ئامادەکردنی هەلومەرجی ئەم رێکەوتن و یەک دەنگییە دەسپێشخەری کردووە و بانگەوازی هەموو هێزە مروڤدۆست و ئازادیخوازەکان دەکات بۆ هاوکاری لە پێناوی گەیشتن بە ئامەنجەکانی ژنان.

بەو هیوایەی بتوانین بە هاوکاری یەکتر لە خەباتێکی بەردەوامدا بین، بۆ بەدەستهێنان و چەسپاندنی یەکسانی و بتوانین ئەرکی ئینسانی و مێژوویی خۆمان جێبەجێ بکەین.

لە هەموو ئەو کەسانەی کە پییان باشە هاوکاری لەم پێوەندییە دا بکەن داوا دەکەین پیوەندی بکەن بە ماڵپەری 'ریکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مروڤ' و پێشنیاز و بیرۆکەی چالاکی داهاتوومان بۆ بنێرن، و دەنگ و ناوی خۆیان بخنە ریزی ئەم کۆمەلە لە ژنانی کورد.
چاوەرێ پێوەنییەکانتانین(kurd_women@yahoo.com
(www.rkwrh.com

هەر بژی ئازادی و پتەوتر بێ یەکگرتوییمان

"ریکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مروڤ" – بریتانیا- سپتامبر 2009